گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# (کامیلی ئیمامی) لە نێوان لاساییکردنەوە و داهێناندا

**د.جبار احمد حسين**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
jabbar.hussein@su.edu.krd

## پوختە

یەکێک لە دیارترین سیماکانی شیعری کلاسیکی شیعری کلاسیکی (لاسایی کردنەوە)یە ، بەڵام پایەی هەر شاعیرێک بە داهێنانە شیعرییەکانی دەستنیشان دەکرێت ، کە شێوازی تایبەتی ئەو شاعیرەی پێدەناسرێتەوە .
کامیلی ئیمامی (ئاوات) لە زۆربەی شیعرەکانیدا وەك شاعیرێکی کلاسیکی چ لە ڕووی ناوەڕۆك و چ لە ڕووی شێوازی هونەرییەوە لەسەر بنەماکانی شیعری کلاسیکی ڕۆیشتووە ، بەڵام لاسایی کتومتی نەکردۆتەوە و داهێنان و تایبەتیەتی خۆی لەناو شیعرەکانیدا دەبینرێت . ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەستنیشانکردنی تایبەتیەتییەکانی شاعیرە لە ڕووی شێوازی هونەرییەوە ، کە لایەنێکی ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرە پیشان دەدەن.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٠/١٢/٢
پەسەندکردن:٢٠٢١/١/١٤
بڵاو کردنەوە: زستانی ٢٠٢١

**وشە سەرەکییەکان**
*Kamil Imamy, Awat, influence and Impression, Style, Poetic experience*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.1.6

## پێشەکی:

### 1-1 : ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :

(ئاوات) شاعیرێکی کلاسیکییە ؛ چ لە ڕووی ناوەڕۆك و چ لە ڕووی شێوازی هونەرییەوە لەسەر بنەماکانی شیعری کلاسیکی ڕۆیشتووە ، بەڵام وەک شاعیرێکی بەئەزموون تەنیا لاسایی کتومتی نەکردۆتەوە و داهێنان و تایبەتیەتی خۆی لەناو شیعرەکانیدا دەبینرێت.

### 2-1 : گرنگی لێکۆڵینەوەکە :

گرنگی و هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە ؛ لەلایەکەوە ئاوات وەک شاعیرێکی کلاسیکیی بەئەزموون ، زۆر بە کەمی باس لە شیعرەکانی کراوە . لەلایەکی تریشەوە بۆ خستنەڕووی ئەو ڕاستییەیە ، ئەگەرچی لاساییکردنەوە سیمایەکی دیاری شیعری کلاسیکییە ، بەڵام شاعیری بەئەزموون شێوازی تایبەتی خۆی هەیە .

### 3-1 : ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشانکردنی تایبەتیەتییەکانی شاعیرە لە ڕووی شێوازی هونەرییەوە ، کە لایەنێکی ئەزموونی شیعریی ئەو شاعیرە پیشان دەدەن .

### 4-1 : میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی چەند میتۆدێك کراوە : تەوەری کاریگەریی و کاریگەربوون دەچێتە خانەی میتۆدی بەراوردییەوە ، لە شیکردنەوەی شیعرەکانیشدا میتۆدی شیکاری گیراوەتە بەر .

### 5-1 : پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە لە دوو تەوەر پێك دێت :

تەوەری یەکەم : (کاریگەربوون و کاریگەری) : بە پێی ناونیشانی تەوەرەکە لە سەرەتاوە کاریگەربوونی ئاوات بە شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی دەخەینە ڕوو ، پاشان ئاماژەیەکیش بە کاریگەریی ئەم لەسەر شاعیرانی دوای خۆی دەکەین.

تەوەری دووەم : (شێواز) : لێرەدا باس لە زمان و مۆسیقا و ڕەوانبێژی و هەر تەکنیکێکی تر دەکەین ، کە تایبەتییەتی شاعیر پیشان بدەن .

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢: تەوەری یەکەم : کاریگەربوون و کاریگەری**

هەر بە پێی ناونیشانی تەوەرەکە لە سەرەتاوە کاریگەربوونی ئاوات بە شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی دەخەینە روو ، پاشان ئاماژەیەکیش بە کاریگەریی ئەم لەسەر شاعیرانی دوای خۆی دەکەین:

**٢-١: یەکەم : کاریگەربوونی ئاوات :**

١-کاریگەربوونی بە شاعیرانی پێش خۆی :

ئاوات لەسەر ڕێچکەی شاعیرانی کلاسیکیی کوردی شیعری نووسیوە ، لەبەرئەوە ئاساییە پێیان کاریگەربووبێت ، بەڵام کاریگەریی هەندێکیان زیاتر لەناو شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت ، وەك : (نالی ، سالم ، کوردی ، مەحوی ، حاجی ، وەفایی ). بۆ ئەم مەبەستەش نموونە زۆر هەیە ، تەنیا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

نالی : لە خوارەوە ئاماژە بۆ چەند نموونەیەك لەم کاریگەربوونە دەکەین :

لە شیعری (تۆبە لە تۆبە) لەسەر بنیاتی مۆسیقا (کێش و ریتم و سەروا) ی شیعرێکی نالی دایڕشتووە کە ئەمە سەرەتاکەیەتی : (گوڵبونی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە) (نالی، ١٩٧٧: ١٠٨) ، تەنانەت هەندێك وشە و دەربڕینی هەمان شیعری نالی دووبارەکردۆتەوە .

دوا دێڕی غەزەلەکەی نالی ئەمەیە:

بۆ مەمك (نالی) چ منداڵانە وەی وەی کردووە

گەرچی مووی وەك شیرە بەوشیرە شکۆفەی کردووە (نالی، ١٩٧٧: ١٠٨)

(ئاوات)یش لە دوادێڕدا دەڵێت:

بۆ (ئیمامی) واعیز و سۆفی و رەقیب فەرقی نییە

دڵ بەدەست ئەو سیانەوە گوێت لێیە وەیوەی کردووە (ئاوات، ١٣٨٧ :٥٧)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها شیعری (بەهار) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٧١) لەسەر بنیاتی مۆسیقای قەسیدەی (قوربانی تۆزی رێگەتم) (نالی، ١٩٧٧ : ١٤٠) ی (نالی) یە.

لەم دێڕە شیعرە دا:

ئەوا هەر چاوەڕێیە نێرگسی شەهلا بە تەنیایی

بەجارێ بوو سپی چاوی بە ئومێدی ویساڵ ئەمشەو (ئاوات، ١٣٨٧: ٧٤)

وێنەیەکی شیعریی بۆ نێرگس کێشاوە ، کە لەم دێڕە شیعرەی نالی وەریگرتووە :

هێند مونتەزیری تۆ بوو هەتا چاوی سپی بوو

نێرگس کە لەسەر یەك قەدەم و دیدە چەقی بوو (نالی، ١٩٧٧ : ٨٩)

-هەر لە رووی وێنەی شیعرییەوە ، ئەم دێڕە شیعرە:

مەڵێ زستانە جلی پیر و فەقیر پارە بووە

ڕۆژی ڕووت دەرخە هەتیو تۆزە هەتاوێکی بەسە (ئاوات، ١٣٨٧: ١١٦)

لەم وێنە شیعرییەی (نالی ) یەوە وەریگرتووە:

هەرچەندە کە ڕووتم بە خودا مایلی ڕووتم

بێ بەرگی یە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە (نالی ، ١٩٧٧ :١٠٥)

لە (دەردی دووری) (ئاوات، ١٣٨٧ : ١٠٩) دا لەڕووی بابەت و سۆزەوە کاریگەرە بە (نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ) ی (نالی) و راناوی (تۆ) ی کردۆتە پاش سەروای شیعرەکەی . لە شیعرێکی تریشی دا بە ناونیشانی (ئاگری دووری) ، کە دیسانەوە بابەتەکەی بابەتی سۆزی دوورییە ، کاریگەری هەمان شیعری نالی پێوە دیارە و لەسەر هەمان کێشی عەرووزیش داڕشتووە . (نالی) لە دێڕێکی غەزەلەکەدا (تۆ ، من ، گوڵزار ، خاروخەس) ی بەکارهێناوە ، (ئاوات) یش ئەو وشانەی لە دێڕێکدا کۆکردۆتەوە ، بەڵام وێنەیەکی جیاوازی لێدرووست کردووە:

ئەتو سەر تا بە پێ گوڵزارە باڵات

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

منیش سەر تا بە پێم یا خارە یا خەس (ئاوات، ١٣٨٧ : ١١٩)

- شیعری (گێژاوی غەم) (ئاوات، ١٣٨٧ : ١١١) لەسەر هەمان کێش و سەرِوای (ئەی تازەجەوان) ی (نالی) نووسراوە ، لەرووی سۆزیشەوە لە یەکترییەوە نزیکن ، تەنانە چەند وشە و گوزارشتێکی شیعرەکەی نالی دووبارەکردۆتەوە ، وەك : (نەجاتم ، قوربانی وەفاتم ،بە تەماتم ).

-لە چەند شیعرێکدا وەك شیعری (دونیای گڵاو) (ئاوات، ١٣٨٧ :١٢١) ، لە رووی ناوەڕۆکەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو شیعرەی نالی ، کە تیلنیشانە بۆ ئایەتی (٥٣) لە سورەتی (یوسف) : ((إن النفس لأمارة بالسوء)) ، نالی (رەگەزدۆزی) یەکی لەنێوان (أمارة) ی عەرەبی و (ئەم مارە) ی کوردیدا درووستکردووە و (ئاوات) یش بەکاری هێناوەتەوە:

موتمەئین خاتیر و ئەیمەن مەبە هەرگیز لە شەڕی

نەفسی ئەممارە ، کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕی یە (نالی،١٩٧٧ : ١١٦)

هەر بۆ نموونە لە شیعری (دونیای گڵاو) دا دەڵێت:

رووڕەشی دەرگای خوداوەندم لەبەر نەفسی خەبیس

سەیری ئاماڵی گڵاوم کەن دەگەڵ ئاکاری پیس

نەفسەکەی ئەممارەکەم وەك مارە چۆن بۆم دەسرەوێ

رەنگ و رووشم هەروەکودارێکە پیر و وشك و سیس (ئاوات ، ١٣٨٧: ١٢١)

-شیعری (مەنجەڵی دڵ) لە چەند وێنەیەکی وەك : (سۆزی دڵ کە دەبێتە هۆی گریان) و (فرمێسکی چاو کە وەکو خوێن سوێر و وەکو خوێ سوێرە) دیارە کەوتۆتە ژێر کاریگەری نالی ، بە تایبەتی شیعری (زوڵفت بە قەدت دا کە پەرێشان و بڵاوە) (نالی،١٩٧٧ : ١٠٤)

سالم :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە (شیعری ئاودار) (ئاوات ، ١٣٨٧: ٦٣) دا لە پاش سەرواکەیەوە دیارە ، ئیلهامی شیعرەکەی لەو شیعری (سالم) ەوە وەرگرتووە ، کە دەڵێت : (ساقی لە پەردە دەرهات جامی شەرابی هێنا) (سالم، ١٩٧٢ : ٣٥) بەڵام تەنیا لە رووی (پاش سەروا) وە لەو دەچێت.

کوردی :

لە هەردوو شیعری (بوکی گوڵ) (ئاوات، ١٣٨٧ :٧٣) و (بەزمی یار) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٨٥) دا هەر لە پاش سەرواکەیانەوە دیارە ، لە ژێر کاریگەریی (کوردی) نووسراون ، کە لە (نۆ) شیعریدا پاش سەرواکەی(ئیمشەو) ە .

-شیعری (تەلەسم) (ئاوات، ١٣٨٧ : ١٣٩) لە رووی بنیاتی مۆسیقا (کێش و ریتم و سەروا) و وێنە شیعریشەوە ، بە کاریگەریی ئەم غەزەلەی (کوردی) نووسراوە : ((بە داوی زوڵف و دانەی خاڵی سەر رووت )) (کوردی، ٢٠١٠ : ١١١)

مەحوی :

دوو شیعری بە ناونیشانی (چبکەم) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٦٠، ٥٤) هەیە ، لەسەر بنەمای مۆسیقای شیعری (بە نووری بادە) ی (مەحوی) نووسراوە (مەحوی ، ١٩٧٧ :٢٣٠).

-لە وێنەیەکی شیعریدا ، خۆی بەو منداڵە دەچوێنێت ، کە تازە پێدەگرێت:

هەڵاوەساوە دڵ و من لە دوی لە پێ کەوتم

مەگەر بە رەورەوە گاگۆڵکەکەم ، لە پێی خستم

بە پیری سەیرە چلۆن بوومە پەندی پیر و جحێڵ

وەکو هەڵاڵە لە دەشتی گوڵام و پێ پەستم (ئاوات، ١٣٨٧ : ٦٩)

ئیلهامی وێنەکەی لەم دێڕە شیعرەی (مەحوی) یەوە وەرگرتووە:

لە پێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ

لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ دەگرم (مەحوی ، ١٩٧٧ : ٢٢١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-شیعری (شەو) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٢) لە رووی ناوەرۆك و تەكنیكەوە لە ژێر كاریگەری ئەو شیعرەی (مەحوی) نووسراوە ، كە بەم دێڕە دەست پێدەكات:

شەو كەسێ پرسی لە خۆ دەرخستنی پەروانە شەو

ئەو وتی : نا تێگەیشتوو ! تەجرەبەی مەردانە شەو (مەحوی ، ١٩٧٧ : ٢٥٦)

حاجی :

جاری واهەیە بەكارهێنانی تەنیا یەك دەربڕین یان وێنەیەكی شیعری ، ئاماژەیە بۆ كایگەربوون بەو شاعیرە ، بۆ نموونە لە شیعری (كاسەی بەتاڵ) دا بەم دێڕە دەست پێدەكات:

ئەو بەختی خەواڵوی من تاكەی وەخەبەر نایە

من پیر و لە گۆڕ كەوتوو ئەو كۆرپە و ساوایە (ئاوات، ١٣٨٧ : ٧٩)

بەكارهێنانی (بەختی خەواڵوو) كە وێنەیەكی شیعرییە و بەهۆی هونەری خواستنەوە درووست بووە ، راستەخۆ قەسیدەكەی (حاجی) مان بەبیردێنێتەوە:

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتووبی خودا

لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا (حاجی ، ١٩٨٦ :٣١)

یان لە شیعری (ئاردی نێو دڕوو) لە ناونیشانەوە دیارە بە وێنەیەكی شیعریی (حاجی) كاریگەربووە ، كە لەناو دێڕێكیشدا بەكاری هێناوە : ((تۆ بە دەستی دوژمنانت بوویە ئاردی نێو دڕوو)) (ئاوات ، ٢٠١٣ :٢٢٩) ، بابەتەكەیش هەمان بابەتی شیعرەكەی (حاجی) یە . حاجی دەڵێت : (ئەو زەمانی بوونە ئاردی نێو دڕك ) (حاجی ، ١٩٨٦ : ٢٠٧)

وەفایی:

شیعری (خەزانی گوڵ) ، كە ئەمە سەرەتاكەیەتی:

هەموو ساڵێ خەزانی گوڵ بو بۆ من گوڵپەڕیشم چوو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوڵم چوو سونبولیشم چوو دڵم چوو دڵبەریشم چوو

چەمەن تەنیا گوڵی چوو من بە جارێ ماڵی وێرانم (ئاوات ، ١٣٨٧ :١٥٨)

لە رووی بنیاتی مۆسیقای شیعری و شێوازی شیعرەکەش بە گشتی ، لە شیعری (بە جارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چوو ئەمیشم چوو) (وەفایی ، ١٩٨٤ :١٥٠) ی وەفایی دەچێت.

لە شیعری(یارم تەشی دەڕێسێ) (ئاوات، ١٣٨٧ :١٧٣) ، لە هەموو روویەکەوە : (قاڵبی شیعری و ناونیشان و ناوەڕۆك و بنیاتی مۆسیقا و زمان و وێنە) ، سێبەری شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ) (وەفایی ، ١٩٨٤ : ١٩٢ ) ی (وەفایی) یە . بەڵام لەناو کۆپلەکاندا وێنەی شیعریی نوێی درووستکردووە .

- لە هەندێك شیعردا کاریگەریی چەند شاعیرێکی پێوە دیارە ،وەك : شیعری (چبکەم) هەر لە ناونیشانەکەیەوە دیارە ، لە رووی ناوەڕۆك و کێش و ریتم و سەروا و وێنە شیعرییەکان و کەرەستەکانی زمانی شیعرەکەوە ، تەواو لە ژێر کاریگەریی ئەم شیعرەی (مەحوی) یەوە نووسراوە : (بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چبکەم) (مەحوی ، ١٩٧٧ : ٢٣٠) ، لە دێڕێکی هەمان شیعردا ، کە دەڵێت:

دەڵێن یار خاکی بەر پێی سورمەیە بۆ چاومی دێنم

بە کوێرایی رەقیبی لامەزەب ئەی وا نەکەم چبکەم (ئاوات، ١٣٨٧ : ٥٤)

لە رووی وێنەی شیعری و دەربڕینەوە ، لەم نیوە دێڕەی (شێخ رەزا) وە وەریگرتووە:

(گوتم وەك سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێر پێت) (شێخ رەزا ، ٢٠١٠ : ١٤١)

هەروەها شیعری (ئێمەو ئەوان) لە رووی ناوەڕۆك و بنیاتی هونەرییەوە بە کاریگەریی دوو نامە شیعرییەکەی (نالی و سالم) نووسراوە ، بە تایبەتی لە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا ، هەر نیوە دێڕێك نیوەی لەسەر شێوازی قەسیدەکەی (نالی) یە و نیوەکەی تری لەسەر شێوازی قەسیدەکەی (سالم) ە :

قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی سروەکەی سەحەر

ئەی شارەزا و بەلەد بە هەموو کێو و دەشت ودەر (ئاوات، ١٣٨٧ : ١٩٥)

-کاریگەربوونی بە شیعری هەورامی : جگەلە شاعیرانی دیالێکتی ناوەڕاست ، لە هەندێ شیعردا کاریگەری شیعری هەورامییش بەسەریەوە دەبینرێت.

شیعری (دڵی نەکوڵاو) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٢٢٦) کێشی شیعرەکە دە بڕگەییە و جووت سەروایشی بەکارهێناوە ، لە رووی فەرهەنگیشەوە زۆربەی وشە و دەستەواژەکان لە شیعری هەورامیدا بەکارهاتوون ، وەك : (دڵ کەیلە ،مەیل ، لەیل ، مەجنوون ، تاسە ، کۆی زوخاڵ ، مەینەت ) .

یان لەم دێڕە شیعرەدا ، هیوای ئەوە دەخوازێت یاری پێ بە چاویدا بنێت ، کەچی ئەو پێی پێدا نانێت ، چونکە برژانگی چاوی شاعیر وەکو دڕکە و دەچەقێتە ژێر پێی یار:

به دڵ خۆم خسته بەر پێی بەڵکە پێ دانێ لەسەر چاوم

لەبەر برژۆڵ نەهات فەرمووی کە سەر چاوێکە دڕاوی (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٧)

هەمان ئەو وێنەیە لەم شیعرەی (بێسارانی) دا هەیە :

چراغ دا جارێ ، بۆ وە خاوم دا

پا بنیەر وەبان هەردوو چاوم دا

مەواچە موژەت تیژ تەرەن جە خار

پای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار (بێسارانی ، ١٣٧٥ : ١٢٣)

ئەوەی لە نموونەکانی پێشوودا تێبینی دەکرێت ، کاریگەبوونەکە لە دوو رووەوەیە :

- یان تەنیا لە رووی شێوازی شیعرییەوەیە ، بە تایبەتی لە رووی بنیاتی مۆسیقای شیعرییەوە.

- یاخود هەردوو رووی روخسار و ناوەرۆکی گرتۆتەوە.

٢ - کاریگەربوونی بە شاعیرانی هاوچەرخی خۆی:

-لە شیعری (پیرە غوڵام) دا کە بەم دێڕە دەست پێدەکات:

مودێکە دڵم لێ ونە ئەو شێتە نەفامە

رۆیشتووە لای قامەتی ئەو تازە نەمامە

بێ شوێن و ئەسەر ماوە ............ (ئاوات، ١٣٨٧ : ٨٤)

چ لە رووی خەیاڵی شیعری و چ لە رووی کێشی شیعرەکەوە ، کاریگەریی شیعرێکی (بێخود) ی پێوەیە دیارە:

لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی من

هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من (بێخود ، ١٣٩١ : ٧٦)

هەروەها لەگەڵ چەند شاعیرێکی هاوچەرخی خۆی ، بە تایبەتی (حەقیقی و سەید) بە گۆڕینەوەی نامە شیعرییەکانیاندا دیارە ، کە بە شیعری یەکتری کاریگەربوون . (ئاوات ، ٢٠١٣ : ٥١-٥٣)

لە یەکێك لە نامە شیعرییەکانیدا بەم شێوەیە وەسفی (حەقیقی) دەکات:

لە جوابی شیعری ئاودار و تەڕ و پاراوی تۆ "شاعیر"

بچووکی خۆت بە سەد زەحمت دوو سێ شیعری شڕی هێنا (ئاوات، ١٣٨٧ :٢٦٠)

لە نامەیەکی شیعریی تریدا ، کە وەڵامی (سەید) دەداتەوە ، دەڵێت:

"قادر" بەخودا ئەلحەق ئوستادی بەیاناتی

تۆ مەزهەری هەڵبەست و ئەشعار و مەقالاتی (ئاوات، ١٣٨٧ :٢٦٨)

لەگەڵ ئەوەی ئاوات لە زۆربەی شیعرەکانیدا وەك شاعیرێکی کلاسیکی چ لە رووی ناوەڕۆك و چ لە رووی شێوازی هونەرییەوە لەسەر بنەمای شیعری کلاسیکی رۆیشتووە ، بەڵام داهێنان و تایبەتیەتی خۆی لەناو شیعرەکانیدا دەبینرێت ، واتە داهێنانی لە شیعرەکاندا کردووە و لاساییەکە کتومت نەبووە و چووەتە خانەی کاریگەربوونەوە .

هەر بۆ نموونە شیعرێکی بە ناونیشانی (گوارە) نووسیوە ، لە وێنەیەکی شیعریی (نالی) یەوە وەریگرتووە و لەسەر هەمان کێشی شیعریش دایڕشتوە ، بەڵام بە چەند وێنەیەکی تری شیعری وێنەشیعرییەکەی نالی فراوانتر کردووە .

نالی دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە

دەڵێ ی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە   (نالی ، ١٩٧٧ : ٩٦)

گوارەی زێڕ خۆی رەنگی زەردە ، بەڵام نالی دەڵێت : گوارەی گوێی یار بەهۆی ترس و لەرزەوە زەرد هەڵگەڕاوە ، نەوەك لەو شوێنە بەرزەوە بکەوێتە خوارەوە . (نالی) لەم وێنەشیعرییەدا بەهۆی هونەری جوانی بایس و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەسفی باڵا بەرزیی یار دەکات.

(ئاوات) یش لە هەر دێڕە شیعرێك وێنەیەکی تری بۆ (گوارە) درووستکرووە ، کە دوو وێنەی لەسەر بنەمای هەمان هونەر دارشتووە :

بە گوێ گیراوە وا زەرد هەڵگەڕاوە ؟

وەیا لەو دەرك و بانە گوێت بڕیوە ؟

لە ترسی ماری زوڵفت هەڵدەلەرزێ

لەبۆیە زەرد و زار و راچەنیوە   (ئاوات، ١٣٨٧ : ١٢٠)

لە دێڕی یەکەمدا ، زەردی گوارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆ : یان لەبەرئەوەی تۆ (یار) گوێت راکێشاوە و باداوە (واتە هەڕەشەت لێکردووە) ، کە ئەمە واتا شاراوەکەیەتی و واتا رووکەشەکەی ئەمەیە : (گوارەکە بە گوێی یار گیرکراوە) . هۆی دووەمیش ئەوەیە کە یار گوێی گوارەکەی بڕیوە (واتە سزای داوە) .

لە دێڕی دووەمدا ، هۆی زەردی و باریکی و لەرزینی گوارە دەگەڕێنێتەوە بۆ ترس لە زوڵفی یار ، چونکە گوارە لە زوڵفەوە نزیکە و زوڵفی یاریش وەکو مار وایە .

### ٢-٢ : دووەم : کاریگەری ئاوات لەسەر شاعیرانی هاوچەرخ و دوای خۆی :

بۆ ئەم خاڵەی تەورەکە، لە نموونەیەکدا کاریگەریی (ئاوات) بەسەر (هێمن) دەخەینە روو:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-شیعری (عیشق وئازادی) (هێمن ، ٢٠٠٦ : ٢٢٣) ی (هێمن) و شیعری (خەمێکی تر) (ئاوات، ١٣٨٧ :١٢٩) یان (خەمێکی دی) ی ئاوات (ئاوات، ٢٠١٣ : ٣٣٧) . چ لە رووی رۆنانی شیعرەکە و چ لە رووی بابەت و سۆزیشەوە لەیەکدەچن.

لە پەراوێزی چاپی (٢٠١٣) ی دیوانی (ئاوات) دا ، ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم شیعرە وەرگێڕدراوی شیعرێکی (ئەبولقاسمی لاهوتی) یە و شیعرە فارسییەکەیش نووسراوە (ئاوات ، ٢٠١٣ : ٢٣٧) . بەڵام وەرگێڕانەکە کتومت نییە و دەستکاری کردووە و هەندێك دێڕ یان نیوەدێڕێك بە تەواوی هی خۆیەتی . بۆ سەلماندنی ئەوەی (هێمن) بە شیعرە وەرگێڕدراوەکەی (ئاوات) کاریگەر بووە نەوەك فارسییەکە ، هەر بۆ نموونە سەروای دێڕی پێش کۆتایی شیعرەکەی هێمن (مەرهەمێکی تر) ە ، دوا دێڕی شیعرەکەی (ئاوات) یش سەرواکەی (مەڵحەمێکی دی) یە،کە ئەم دێڕەی کۆتایی هی خۆیەتی و لە فارسییەکەدا نییە .

هێمن لە شیعری (فرمێسکی گەش) (هێمن ، ٢٠٠٦ : ١٠٧) دا ،لە دێڕێکدا دەڵێت : (شەش خانی ئوممێدی لە من گرتن حەریف) لە رووی پێکهاتەی وێنەی شیعرییەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم وێنە شیعرییەی (ئاوات) : (بەسراوە هەمووو شەشدەری دونیا لە منی زار) (ئاوات، ١٣٨٧ :١٣٤)

هەر شاعیرێك ئەزموونی شیعری خۆی لەسەر زەمینەیەك بنیاتدەنێت ، کە پێکهاتووە لە میراتی شیعریی پێش خۆی و سەردەمی خۆی ، بە زمانی خۆی یان زمانی تر . ئەگەرچی ئەمانەیش دەبنە کەرەستە بۆ ئەزموونی ئەو شاعیرە ، بەڵام بۆ دەستنیشانکردنی ئەزموونی تایبەتیی هەر شاعیرێك دەبێت بە دوای ئەو داهێنان و نوێکاری و جیاوازییانەدا بگەڕێین ، کە شێوازی تایبەتی ئەو شاعیرە دیاری دەکەن .

**٣ : تەوەری دووەم : شێوازی هونەری**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم تەوەرەدا باس لە (زمان و مۆسیقا و ڕەوانبێژی و شێوازی دەربڕین و ناونیشانی شیعرو نازناو) دەکەین ، لەگەڵ هەر تەکنیکێکی تر کە داهێنانی تیادا کردبێت . لە راستیدا هەر تەکنیکێکی شیعری لەناو زمانی شیعرییدا بەرجەستە دەبێت ، چونکە ئەزموونی شیعری لە بنەڕەتدا ئەزموونێکی زمانییە. شێواز واتە دەربڕینی ئەو بیرو سۆز و خەیاڵە تایبەتییەی نووسەر هەیەتی بە شێوازێکی هونەریی تایبەتی ، مەبەستیش لە (تایبەتی) ئەو سیفەتە تاکەکەسییەیە کە هەر دەقێکی ئەدەبی هەیەتی.

شێوازی دەقێك بە پلەی یەکەم زمانی دەقەکە دەگرێتەوە ، جگە لەویش هەموو ئەو بنەما هونەرییانە دەگرێتەوە ، کە هەر جۆرێکی ئەدەبی هەیەتی.

شێواز (دەربڕینێکی دەرەکییە بۆ حاڵەتێکی ناوخۆیی ، پێوەری سەرکەوتنیشی بەستراوەتەوە بەوەی ، تا چەند دەتوانێت بە راستگۆیی ئەو حاڵەتە تایبەتییەی ناوەوەی نووسەر بگەیەنێت . ) (احمد أمین ، ١٩٦٣ : ٥٨-٥٠)

ئەگەرچی ئاوات لەسەر شێوازی شیعری کلاسیکی شیعری نووسیوە ، بەڵام لاسایی کتومتی نەکردۆتەوە و لە زۆر لایەنی هونەرییەوە داهێنانی کردووە ، کە لەم تەوەرەدا بە چەندخاڵێك ئاماژەیان بۆ دەکەین:

**١-٣ : زمانی شیعر** :

مەبەستمان لەو زمانەیە (ئاوات) وەك کەرەستەیەك بۆ نووسینی شیعرەکانی بەکاری هێناوە . لەبەرئەوەی لەسەر رێچکەی کلاسیکی رۆیشتووە ، هەمان تایبەتییەتی ئەو زمانەی هەیە کە لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا بەکارهاتووە ، کە ئەویش بە پێی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، لەبەرئەوەی (ئاوات) یش لە سەدەی بیستەمدا ژیاوە ، لەو شاعیرە کلاسیکییانەیە هاوچەرخی شاعیرانی نوێ بووە ، زمانی شیعرەکانی تێکەڵەیەکە لە زمانی شیعری کلاسیکی و زمانی شیعری نوێ . لەلایەکەوە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو کەرەستە زمانییانەی لە نووسینی شیعر و بە تایبەتی لە درووستکردنی وێنەشیعرییەکاندا لە شیعری کلاسیکیدا بەکارهاتوون ، تایبەتیەتی زمانی شیعری کلاسیکی پێوە دیارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

، لە لایەکی تریشەوە زمانێکی کوردیی هاوچەرخی بەکارهێناوە . ئەگەر لە رووی فەرهەنگی شیعرییەوە بڕوانینە شیعرەکانی ئاوات ، تای تەرازووەکە بەلای شیعری نوێدا دەشکێتەوە ، چونکە زۆربەی وشە و دەربڕینەکانی کوردین.

یەکێك لە تایبەتییەکانی زمانی شیعری نویٚ ئەوەیە ، شاعیران پەنا بۆ بەکارهێنانی زمانی سادەی خەڵك دەبەن ، لەوانەیش بەکارهێنانی ئەو گوزارشتانەی لە ناو خەڵکدا باون ، ئەم دیاردەیەش لە شیعری ئاوات دەبینرێت ، وەك لەم دێڕەی خوارەوەدا ، وتەیەکی بڵاوی ناو خەڵکی بەکارهێناوە ، کە دەوترێت : (نانی کەوتە رۆنەوە) ، بەو کەسە دەوترێت کە بەخت و هەلێکی باشی بۆ بڕەخسێت و ژیانی بەرەو باشی بگۆڕێت:

سەیرە چۆن نانم لەلای دڵ کەوتە رۆن هەر بەو قسە

ئەم وتەی بیست و کەچی خێرایەکی هەستا فڕی        (ئاوات، ١٣٨٧ : ١٣٨)

هەروەها لەم دێڕەی خوارەوەدا ، قسەیەکی نەستەقی تێهەڵکێش کردووە:

سەیید و پیر و فەقیرم وەرە لێم قەوماوە

بۆ منە ئەومەسەلە "باوەلێ باوێکی بەسە"    (ئاوات، ١٣٨٧ :١١٦)

ئەم قسەیە بۆ کەسێك بەکاردێت ، کە پیر و پەککەوتە بووبێت ، واتە تەنیا بە (باو=پاڵ) ێك دەکەوێت. (باوەلێ) بە واتای پیر و پەککەوتوو دێت و نازناویشە بۆ (سەید) بەکاردێت (هەژار . ١٣٨٤ : ٤٧-٤٨) ، (ئاوات) یش لە بنەماڵەی سەیدانە.

-کاریگەریی شێوەزاری ناوچەیی لە هەندێك شیعرییدا دەبینرێت بۆ نموونە لە هەندێك شێوەزاردا (و) لە جیاتی جێناوی (تان) بەکاردەهێنن ، (ئاوات) یش لە چەند شیعرێکدا جێناوی کەسی دووەمی کۆی بەو شێوەیە بەکارهێناوە ، وەك : (حاجی بابە شێخ) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٦١) و (تینووی شەواو) (ئاوات ، ١٣٨٧ :١٩٧)

-بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانەی رەنگدانەوەی سەردەمی هاوچەرخن و پێشتر بەکارنەهاتوون ، بۆ نموونە : (رێگەی رزگاری ، فتیلە ، نەوت) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٨٠-٨١) (گۆڤار) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١١٣)

**٢-٣ : ڕەوانبێژی :**

شاعیرانی کلاسیك زۆر بە فراوانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییان بەکارهێناوە ، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەهۆی ئەو هونەرانەوە داهێنانیان لە دەربڕینەکانیان کردبێت ، کە ئەمە دەبێتە ئەزموونی تایبەتی هەر شاعیرێك .

لە چەند نموونەیەکی شیعرییدا ، ئەزموونی ئاوات لەم لایەنە هونەرییەوە پیشان دەدەین:

-سەرێ بێ شۆڕە سەرشۆڕ و کەسادە

دڵێ بێ خۆشەویستی بی ، بە کاڵە (ئاوات، ١٣٨٧ :٩٧)

رەگەزدۆزی هەیە لەنێوان (شۆڕ=عەشق) و (سەرشۆڕ=شەرمەزار)

-خێڵی جحێڵی رۆیوە پیری گەیشتە لام

ناچار ئەبێ بە پیریەوە بێم و بڵێم سەلام (ئاوات، ١٣٨٧ :٨٢)

رەگەزدۆزی لە نێوان (پیری=تەمەنی پیری) و (بەپیریەوە=بەرەو روو رۆیشتن و پێشوازی کردن) دا هەیە .

-سەیری چەندە سەخت و ناخۆشە بیساتی پاییزی

سەگ لەسەرمانا تەزی شێریش لە حاند سەرما بەزی (ئاوات، ١٣٨٧ :١٠٣)

رەگەزدۆزی لە نێوان (تەزی) و (بەزی) دا هەیە.

دەڵێن یارم لەشەودا دێ و لە خەودا

لە بێداری دڵم بێزارە ئەمشەو (ئاوات، ١٣٨٧ :٨٥)

لە نیوەی یەکەمدا رەگەزدۆزییەك لەنێوان (شەو) و (خەو) دا هەیە ، کە لە دەربڕینی (لە شەودا دێ و لەخەودا) ئاوازێکی خۆش درووست دەبێت . لە نیوەی دووەمی دێڕەکەیشدا رەگەزدۆزییەکی تر هەیە لەنێوان (بێدار) و (بێزار) دا . جگە لەوەی دووجار وشەی (شەو) لە دێڕە شیعرەکەدا دووبارە بۆتەوە. جوانی رەگەزدۆزییەکان تەنیا لە رووی دەنگە لێکچووەکانی وشەکانەوە نییە ، بەڵکو لە رووی واتاشەوە بەهۆی پەیوەندی ئەو وشانە بە یەکترییەوە لێکدانەوەیەکی ئەندازەیی جوان درووست بووە ، بەم شێوەیە : (یار بە راستی نایەتە لای و لەوانەیە لە خەوی شەودا بیبینێت ، لە خەمی دووری یار و لە چاوەڕوانی بینینیدا خەوی لێناکەوێت تاوەکو بێتە خەوی ، لەبەرئەوە بێزار بووە لە بێداریی خۆی .) دەتوانرێت بەم شێوەیەش لێکبدرێتەوە : (یار ئەگەر بە راستی بێت ئەوا لەشەودا دێت هەتا کەس نەیبینێت ، ئەگەر نەشیەت ئەوا شەو دێتە خەونی ، لەبەرئەوەی زۆر چاوەڕێی کردووە و یاریش هەر نەهاتووە ، بێزار بووە لە بێداری و ئارەزووی خەو دەکات ، بەڵکو لە خەونیدا بیبینێت ) ، کەواتە ئەگەر (بێدار) بێت بە راستی یار (لە شەودا) دەبینێت ، ئەگەر (بێزار) یش بوو لەم (بێدار) ییە و یار هەر نەهات ، ئەوا (لەخەو) دەیبینێت.

-کۆکردنەوەی چەند دژیەکێك لەناو دێڕە شیعرێکدا ، کە مۆسیقای ناوەوەی شیعریی بۆ دێڕەکە درووستکردووە:

شێواو و پەرێشانم ، بێ دەنگم و دەش ناڵم

گریانم و خەندانم ، خۆشنودم و بێزارم (ئاوات، ١٣٨٧ : ٤٣)

-(هەیهات) نموونەیەکی جوانی شیعری (ئاوات) ە لە جوان بەکارهێنانی هونەری رەوانبێژیدا . چەند دێڕێکی ئەم شیعرە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دوو دژ بنیاتنراون :

بە دڵسەردی بەجێماوم لە هاواڵ

چ سەرگەرمم بە عەشقی ئاڵ و واڵات

دەمێ دڵسەرد و گا سەرگەرمی تۆم من

کەچی تۆشی دەگەڵ من بێ موبالات (ئاوات ، ٢٠١٣ : ٧٥)

لە هەردوو دێڕەکەدا (دڵسەرد) و (سەرگەرم) دوو جار بەکارهاتوون ، ئەگەرچی ئەو دوو وشە لێکدراوە دژیەك نین ، بەڵام هەردوو وشەی (سارد) و (گەرم) دژیەکن و بەشێکن لە پێکهاتەی وشەکان . لەبەرئەوە لە لێکدانەوەی واتای دێڕەکاندا جۆرێك لە دژیەك لەنێوان ئەو دوو وشە لێکدراوە دروست بووە . دڵسەردی بە واتای نائومێدی دێت ، سەرگەرمیش واتە خەریك بوون بە شتێکەوە یان سەرخۆشی و مەستی . لەلایەکەوە (نائومێد) بووە کە یار بەجێی هێشتووە و فەرامۆشی کردووە ، لە لایەکی تریشەوە سەرخۆش و مەستی عەشقی یارە و تەنیا بیر لەو عەشقە دەکاتەوە ، واتە (ئومێد) ی بەو عەشقە هەیە. ئەو دژیەکەی لەو لێکدانەوەیەدا خستمانە روو ، دەبێتە بنەمایەك بۆ لێکدانەوەی دوا دێڕی شیعرەکە ، کە لە واتا رووکەشەکەیدا ناکۆکییەکی لۆجیکی هەیە و لە واتای ژێرەوەیدا ئەم ناکۆکییە نامێنێت:

بەقوربانی وەفات بێ گەرچی نیتە

(ئیمامی) هەر دەڵێ دوور بێ لە ئافات (ئاوات ، ٢٠١٣ : ٧٥)

لە واتای رووکەشی نیوە دێڕی یەکەمدا ، باسی شتێك دەکات لەنێوان بوون و نەبوونیدا ، ئەگەر یار وەفای نییە بۆچی شاعیر بەقوربانی شتێك دەبێت کە نییە ؟! لەبەر رۆشنایی لێکدانەوەی واتای دێڕەکانی پێشوودا ،بەم شێوەیە وەڵامی ئەوپرسیارە دەدەینەوە : بەڵێ راستە یار وەفای نییە و شاعیری بێ هیوا کردووە ، بەڵام چونکە ئەم هێشتا ئەوی خۆش دەوێت ، هیوای بەوە هەیە یار دڵی نەرم بێت و وەفایەکی هەبێت.

-هەر بۆ نموونەی واتای رووکەش و واتای ژێرەوە ، لەم دێڕە شیعرەدا:

جنێوی دابوو بە من یار بە لێوی شیرینی

منیش شەوێکی بە بێ دەنگی چوومە لای گەستم (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٦٩)

لە وشەی (گەستم) دوە دوو لێکدانەوە دروست دەبێت : لە رووکەشدا بە واتای سزادان و ئازاردان هاتووە لەبەرامبەر ئەوەی جنێۆی بە شاعیر داوە ، بەڵام واتای ژێرەوە و مەبەستەکەی شاعیر ئەوەیە

چێژی لە گەستنی لێوی شیرینی یار وەرگرتووە . لە نیوەی یەکەمی دێڕەکەیشدا پەیوەندییەکی دژ لە نێوان لێوی شیرین و جنێودا هەیە ، چونکە جنێو قسەیەکی ناشرینە بەڵام لە لێوێکی شیرینەوە دەرچووە ، لەبەرئەوەیە شاعیر لەجیاتی ئەوەی سزای بدات ، ماچی دەکات .

### ٣-٣ : مۆسیقای ناوەوە :

ئاوات وەك شاعیرێکی کلاسیکی شیعرەکانی لەسەر بنەمای کێشی عەرووزی داڕشتووە ، بە زۆریش پابەندی یەکیەتی سەروا بووە ، جگە لە هەندێ شیعری کە کێشی بڕگەیی و جووت سەروای بەکارهێناوە . کەواتە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی پتەون ، بەڵام زۆرجار بە چەند دیاردەیەکی مۆسیقای ناوەوە ئەوەندەی تر مۆسیقای شیعرەکانی پتەوتر کردووە .

- نموونەی ئەو شیعرانەی مۆسیقای ناوەوەیان بەهێزە ، وەك : (تاقانە) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ٥٨) ، (غەوغای مەحشەر) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٦٦)، (کاتی بەهار) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٧٤) ، (شای شامات) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١١٣) ، (چاوپۆشی) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٥) . لەناو ئەو شیعرانەدا چەند نموونەیەك بۆ چەند دیاردەیەکی مۆسیقای ناوەوە دەهێنینەوە .

- دیاردەی دووبارەبوونەوە ، کە یەکێکە لە دیارترین ئەو دیاردە دەنگییانەی مۆسیقای ناوەوە دروست دەکەن .

بۆ نموونە : ئامرازی (بێ) لە شیعری (چاوپۆشی) (ئاوات ، ١٣٨٧ : ١٢٥) چەند جارێك دووبارە بووەتەوە و هەرجارە وشەیەك (یان ئاوەڵناو) ێکی دروستکردووە : (بێ پاس ، بێ هۆش ، بێ مەنزڵ ، بێ جێگا ، بێکارە ، بێچارە ، بێ جێگە ، بێ لانە ، بێ زکر ، بێ تاعەت ، بێ فکر )

یان لە شیعری (غەوغای مەحشەر) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٦٦) وشەی (بوو) جگە لەوەی بووەتە پاش سەروای دێڕە شیعرەکان و ئەرکی مۆسیقای دەرەوەی بینیوە ، لە سەراسەری شیعرەکەدا (٢٨) جار دووبارە بووەتەوە . هەر لە هەمان شیعردا سەرەتای هەموو دێڕە شیعرەکان بە دەستەواژەی (نە تەنیا) دەستیان پێکردووە ، کە ئەمەش جۆرێکی تری دووبارەبوونەوەیە و پێی دەوترێت (دووبارەبوونەوەی سەرەتا)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

كە (وشەكە یان گوزارشتەكە لە سەرەتای دێڕەشیعرییەكان دووبارە دەبێتەوە ، یەک لەدوای یەک یان پچڕ پچڕ) (الغرفي ،٢٠٠١ : ٩٠) ، ئەم دیاردە دەنگییە وەك (پاش سەروا) بە هەمان واتا دووبارە دەبێتەوە ، بەڵام لەوەدا جیاوازە دەكەوێتە سەرەتای دێڕە شیعرەكان.

- هاوشێوەیی دەنگی : (ئەم دیاردەیە كاتێک ڕوودەدات ، كە وشەكان (هەمووی یان بەشێكی) دەنگەكانیان لەیەک دەچن ، بەڵام لەرووی واتاوە جیاوازن ) (كوهن ، ١٩٨٦ : ٧٥) ، دوو وشە یان دوو دەستەواژە ، چەند دەنگێكیان لەیەك دەچێت و لە ڕووی ژمارەی بڕگە و هەندێكجار لە ڕووی كورتی و درێژی بڕگەیشەوە هاوشێوەی یەكترن ، وەك لەم نیوە دێڕە شیعرەدا دەبینرێت : (دەروێشم و دڵ ڕێشم ، دێوانەم و بێ لانەم ) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٥٨) : دوو هاوشێوەیی تێدایە ، یەكەمیان لەنێوان (دەروێشم ، دڵ ڕێشم) ، ئەویتریان لەنێوان (دێوانەم ، بێ لانەم) ، كە لە ڕووی چەند دەنگێك و ژمارەی بڕگە و كورتی و درێژی بڕگەكانەوە هاوشێوەی یەكترین.

- هاوتایی ڕیتمی : ئەو دیاردە دەنگییەیە بە دووبارەكردنەوە و جێگۆڕكێی دوو كەرەستەی زمانی ، دوو وێنەی جیاواز یان زیاتر درووست دەكرێت ،(وشەكان جێگۆڕكێ دەكەن و وێنەیەكی نوێ دەكێشن .) (جعفر ، ١٩٨٨ : ٣٢١)

بۆ نموونە لەنیوەی یەكەمی ئەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا ، ڕاناوی كەسی یەكەمی تاك و كەسی دووەمی تاك ، بە دووبارە بوونەوە و جێگۆڕكێ ، دوو دەربڕینی جیاوازیان دروستكردووە ، بەڵام هەمان واتایان هەیە:

من هاتم و تۆ ڕۆیی ، تۆ ڕۆیی و من هاتم

زانیوتە بە قەولی وان تۆ لۆتی یو من لاتم (ئاوات، ١٣٨٧ : ١١٣ )

هەروەها بەو دوو ڕاناوە (من و تۆ) لەناو شیعرەكەدا ئەم وێنانەیشی دروستكردووە : (تۆ لۆتی یو من لاتم ) ، (تۆ هار و ئەمن ماتم) ، (تۆ ڕاوچی و من هەوچی) ، (تۆ خوسرەوی خوبانی ، شاهنشەهی شاماتم)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

، (تۆ دەسگرە من پاتم)..هەروەها لە ئاستی ستوونیشدا سەرنجی دێڕی یەکەم و دووەمی شیعرەکە بدەین ، بەم شێوەیەیە:

...................، تۆ ڕۆیی و من هاتم

...................، تۆ لۆتی یو من لاتم

...................، ..................

...................، تۆ هار و ئەمن ماتم

ئەو سێ دەربڕینە لە رووی (هاوشێوەیی و هاوجێی و ڕۆنانی رستەیی) تەریب و هاوسەنگن .

### ٣-٤ : نازناو :

یەکێکە لە تایبەتیەتییەکانی شیعری کلاسیکی ، (نازناوێکە شاعیر بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێت و لە دوادێڕی غەزەلەکەیدا بەکاری دێنێت و ئەودێڕە بە شادێڕ ناودەبرێت ) (دهخدا ، ١٣٧٧ ، ٢٠٥٠٣) ، بەزۆری لە دێڕی کۆتایی شیعردا بەکارهێنراوە ، بەڵام ئاوات بە چەند شێوازێکی جیاواز لە شێوازە باوەکەی کلاسیکی بەکاری هێناوە.بەم شێوەیە:

- جگە لە ناوی خۆی (کامیل) ، دوو نازناوی بەکارهێناوە (ئاوات و ئیمامی) .

- ئەگەرچی ئەرکی سەرەکی نازناو بۆ ناسینەوەی خاوەنی شیعرەکەیە ، بەڵام شاعیری بە ئەزموون جوانکاری و داهێنان لەو دێڕانە دەکات ، کە تیایدا نازناوەکەی بەکارهێناوە ، تەنانەت زۆرجار ئەو دێڕانە بوونەتە شادێڕی شیعرەکە .

لەم دێڕەی خوارەوەدا هونەری دژیەکی لەنێوان (کامیل) و وشەی (ناقس) درووستکردووە ، چونکە لەو شیعرەدا لەبەرامبەر خوادا قسە دەکات و کەمالیش تەنیا بۆ خوایە:

(کامیل) ە نێوم بەڵام ناقیس لە دونیا مامەوە

چونکە بێ مەیلی ئەتۆم زۆر کرد هەتا توانیم خودا (ئاوات، ١٣٨٧ ، ٥٠ )

هەر لە رووی بەکارهێنانی نازناو لە بواری جوانکاری شیعرییدا ، لە شیعری (بێچارەیە کامیل) (ئاوات، ١٣٨٧ : ١١٥) ناوی (کامیل) ی کردۆتە پاش سەروای شیعرەکە و لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا دووبارە بۆتەوە.

- بەکارهێنانی دوو نازناوی خۆی لە یەك شیعردا ، بۆ نموونە لە دوا دێڕی (رێگای عیشق) دا هەردوو نازناوی (ئیمامی) و (ئاوات) ی بەکارهێناوە :

(ئیمامی) هەڵگرە دەستت لە هیوا و ئارەزوو و (ئاوات)

بەجارێ تێپەڕی تاف و زەمانی جوانی یو لاوی (ئاوات، ١٣٨٧ : ٥٨)

لە شیعری (چ بەهارێکە) دیسان دوو نازناوی بەکارهێناوە ، بەڵام ئەمجارە ناوی خۆی (کامیل) و نازناوی (ئاوات) :

داخوازی دڵ و بولبول هاتۆتە دی لەم کاتە

(کامیل) کە بە تەنیایە (ئاوات) ی بەجێ نایە (ئاوات، ١٣٨٧ : ٧٣)

- بەکارهێنانی نازناو لە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا ، لە جیاتی دێڕی کۆتایی ، وەك لە شیعری (لە کالانا مەوێستە) (ئاوات، ١٣٨٧ : ٦٤) و (دانەخۆرە) (ئاوات، ١٣٨٧ : ١٣٩)

- لە شیعری (هەیهات) (ئاوات، ١٣٨٧ : ١٠٠) دا نازناوی (ئاوات) ی لە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا بەکارهێناوە و لە دوا دێڕیشدا نازناوی (ئیمامی) بەکارهێناوە.

**٣-٥ : ناونیشان :**

(ئەو کلیلەیە بە هۆیەوە دەچینە ناو دەقەکە ، رەگەزێکە بەرەو دەق رامان دەکێشێت و تاسە و ئارەزوومان بۆ خوێندنەوەی دەقەکە تیادا درووست دەکات .) (فزازی،٢٠١٠) لە شیعری کلاسیکیدا ناونیشان بۆ شیعر دانەنراوە ، بەڵام ئاوات ئەم رێچکەیەی شکاندووە و ناونیشانی بۆ هەموو شیعرەکانی داناوە . ئەگەرچی ناونیشانەکان ئاماژە بۆ بابەتی شیعرەکە دەکەن و بەرچاو روونییەك دەدەنە خوێنەر، بەڵام لە روویەکی ترەوە ئەرکی جوانکارییان بینیوە و هەندێکیشیان وێنەی شیعرییان

درووستکردووە ، وەك : (شاری دڵ/ڕێگای عیشق/شیعری ئاودار/بوکی گوڵ/تەنووری کلۆڵی/میوانی دڵ/خەرمانی مەینەت/گێژاوی غەم/بەفری غەم/دەردی ئەوین/تەیری دڵ/پرتەوی عیشق/مەنجەڵی دڵ/هەویری ئەوین/زمانی دڵ/سەنگەری غەمزە/کۆرپەی دڵ/شاری مەحەببەت)، زۆربەی وێنەکان بەهۆی هونەری لێکچوواندنەوە پێکهێنراون.

**ئەنجام**

گرنگترین ئەنجامەکان بە پێی پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە:

یەکەم : (کاریگەربوون و کاریگەری)

ئاوات کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی کلاسیکی و شاعیرانی هەورامیشەوە ، کاریگەبوونەکە هەردوو رووی روخسار و ناوەرۆکی گرتۆتەوە ، بەڵام داهێنانی لە شیعرەکاندا کردووە و لاساییەکە کتومت نەبووە . هەروەها بە شاعیرانی هاوچەرخی خۆیشی کاریگەربووە و ئەمیش کاریگەریی لەسەریان هەبووە.

دووەم : (شێواز)

١ - زمانی شیعرەکانی تێکەڵەیەکە لە زمانی شیعری کلاسیکی و زمانی شیعری نوێ ، ئەگەر لە رووی فەرهەنگی شیعرییەوە بڕوانینە شیعرەکانی ئاوات ، تای تەرازووەکە بەلای شیعری نوێدا دەشکێتەوە.

٢ - زۆر بە وردی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە و داهێنانی تیاداکردووە.

٣- هەرچەندە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی پتەون ، بەڵام زۆرجار بە چەند دیاردەیەکی مۆسیقای ناوەوە ئەوەندەی تر مۆسیقای شیعرەکانی پتەوتر کردووە.

٤ - نازناوی بە چەند شێوازێکی جیاواز لە شێوازە باوەکەی کلاسیکی بەکارهێناوە و وەك شاعیرێکی بەئەزموون جوانکاری و داهێنانی لەو دێڕانەدا کردووە ، کە نازناوەکەی تیادا بەکارهێناوە.

٥-ناونیشانی بۆ هەموو شیعرەکانی داناوە ، لە هەندێکیاندا وێنەی شیعریی لێدرووستکردوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(١)، زستانی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

یەکەم : (بە کوردی)

أ- کتێب :

١- ئاوات (دیوان) ، ١٣٨٧، چاپی دووەم ، لێکۆڵینەوەی ؛ سەید نەجمەدینی ئەنیسی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەهرەوی ، مهاباد .

٢- ئاوات ، ٢٠١٣ ، شاری دڵ ، ئامادەکردنی ؛ سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی ، بڵاوکەرەوەی ئانا، تاران.

٣- بێخود (دیوان) ، ١٣٩١ ، چاپی دووەم ، کۆکردنەوە و ڕێکخستن و لەسەرنووسینی : محەمەدی مەلا کەریم ، بڵاوکردنەوەی کوردستان ، سنە .

٤- بێسارانی (دیوان) ، ١٣٧٥ ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : حەکیم مەلا ساڵح ، چاپخانەی میهن ، سنە .

٥- حاجی قادری کۆیی (دیوان) ، ١٩٨٦ ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا ، بڵاوکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەغدا .

٦- سالم (دیوان) ، ١٩٧٢ ، چاپی دووەم ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر.

٧- شێخ ڕەزای تاڵەبانی (دیوان) ، ٢٠١٠ ، چاپی دووەم ، ساغکردنەوە و شەرحی : شوکر مستەفا ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .

٨- کوردی (دیوان) ، ٢٠١٠ ، بەرگی یەکەم ، لێکۆڵینەوەی محەمەد مستەفا "حەمەبۆر" ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .

٩- مەحوی (دیوان) ، ١٩٧٧ ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق-کورد ، بەغدا .

١٠- نالی (دیوان) ، ١٩٧٧ ، لێکۆڵینەوەی : د.مارف خەزنەدار ، چاپخانەی دار الحریە ، بەغدا .

١١- هێمن ، ٢٠٠٦، بارگەی یاران ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .

١٢- وەفایی (دیوان) ، ١٩٨٤ ، چاپی دووەم ، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی ، چاپخانەی دار الحریە ، بەغدا .

ب – فەرهەنگ :

١٣- هەژار ، ١٣٨٤ ، هەنبانە بۆرینە ، چاپی چوارەم ، انتشارات صدا و سیما ، تهران .

دووەم : (بە عەرەبی)

١٤- القرآن الکریم .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٥- أمين ، أحمد ، ١٩٨٣ ، النقد الادبي ، الطبعة الثالثة ، مكتبة النهضة المصرية ، القاهرة .
١٦- جعفر ، د.عبدالكريم راضي ، ١٩٨٨ ، رماد الشعر ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد .
١٧- الغرفي ، د.حسن ، ٢٠٠١ ، حركية الايقاع في الشعر العربي المعاصر ، أفريقيا الشرق ، بيروت.
١٨- فزازي ، د.عبدالسلام ، ٢٠١٠ ، جمالية الابداع قي عناوين بعض الاعمال الشعرية لوفاء عبدالرزاق ، www.almothaqaf.com
١٩- كوهن ، جان ، ١٩٨٦ ، بنية اللغة الشعرية ، ترجمة : محمد الولي و محمد العمري ، دار توبقال للنشر ، دار البيضاء.
سێیەم : (به فارسی)
٢٠- دهخدا ، على اكبر ، ١٣٧٧ ، لغت نامه ، چاپ دوم ، جلد سيزدهم ، مؤسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران ، تهران .

# The Classical Poet (Kamil Imamy) between Tradition and Creativity

**Dr. Jabbar Ahmed Hussein**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
jabbar.hussein@su.edu.krd

## Abstract

This research is entitled (The Classical Poet (Kamil Imamy) between Tradition and Creativity). One of the most notable components of classic poetry is imitation. The value of any poet is estimated through their poetic inventions that also denotes their aesthetic style.

Awat, in most of his poems, wrote on basis of the classic artistic and aesthetic conventions. However, he never imitated those conventions blindly; instead, he pursued his creative style. The purpose of this study is to elaborate upon the personal style of the poet, as well; it grapples with the artistic experience of the poet's life.

The study is composed of two aspects and the results, as follows:

The first aspect stresses upon the influence that other poets of his age and earlier have remarked on him. Then, his influence on the upcoming poets who came after him is discussed. In the second aspect of the present study, some elements of artistic style in his poems are figured out. Finally, the results of the study are presented briefly in some points.

----------------------------------------------------------

## الشاعر الكلاسيكي (كاميل الامامي) بين التقليد والإبداع

**الملخص**

هذا البحث الذي هو بعنوان (الشاعر الكلاسيكي (كاميل الامامي) بين التقليد والإبداع)، يهدف الى تحديد وبيان السمات الفنية للشاعر المذكور، كما يبين جانباً من تجربته الشعرية.

التقليد سمة من أبرز سمات الشعر الكلاسيكي و ان مكانة أي شاعر تحدد من خلال إبداعاته التي تبين أسلوبه الخاص. (آوات) كشاعر من شعراء المذهب الكلاسيكي ، في أغلب أشعاره يتقيد بما هو متبع في هذا الاتجاه من حيث الشكل والمضمون. علما بأنه لم يقلد تقليدا حرفياً فقط وانما له من ابداعاته الشخصية تبرز في أشعاره.

يتكون البحث من محورين وخاتمة بالنتائج كالآتي: المحور الأول يشير إلى تأثر الشاعر بالشعراء القدامى والمعاصرون، ثم تأثيره على الشعراء الذين جاءوا بعده. أما المحور الثاني فتناول عدد من التقنيات الفنية في شعر الشاعرالتي تبرز خاصية الشاعر. وفي الختام تم تحديد أهم النتائج البحث.